# گەمەی خەمو باڵە فرکەی گیان
## لەمنداڵدانی هۆنراوەکانی عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیردا

تاریق سالح



دونیای پەشێو ئەو جیهانە پڕ ئەفسوس و تەلیسمانەیە کە هەموو خامە بەدەستێك بۆی نییە، بگرە ئاوێزێ خۆی لە قەرەی بدات لەبەر ئەوەی، ئەوەی لەگۆمی مەنگی پەشێوی شاعیر مەلە بکات دەبێ مەلەوانێکی کارامەو خامە بەدەستێکی لێهاتوو و شارەزابێ بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لەگەڵ کێژاوی بیرکردنەوە، نوقمی خەیاڵو گوتارێکی پڕ لە غەیبوبەتو ژیانێکی پڕ لە تەپەسوڕی نەبێ.
ناکرێ بەبێ پاشینەیەکی ئەدەبیو هونەری بەرز خۆت لەقەرەی شیعرەکانی پەشێو بدەی لەبەر ئەوەی راستە' شیعرەکان کاتێك دەیان خوێنیتەوە لە رووالەت وەك هەر هۆنراوەیەکی تر سادەو ساکارن بەلام لەناوەرۆکدا مەغزاو مانایەکی یەکجار قوڵو مەدلولاتی ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری لەخۆدەگرنو خوێنەر ناوێتەی دونیایەك رامانو بیرکردنەوە دەکەن چونکە شیعرەکانی پەشێو جگە لە رووخسار هەموویان خاوەن ناوەڕۆکی ئەدەبی بەرزن کە گوزارشت لەگوتارێکی کۆمەلایەتی بگرە سیاسیش دەکەن.

**لە سەردەمێکدا**
**کە گەمەی خەمو باڵە فرکەی گیان**
**رووبەری تاسەو قووڵایی گریان**
**لەبانقەکاندا نمرەیان هەیەو**
**لەکۆندۆمێکدا جێ دەکرێنەوە**

کاتێ بالفرکەی گیانو شادی خەم لەبنەبانی بانقەکاندا ژمارەیان هەبێ کۆندۆمێکی زەبەلاحیان داگیر کردبێ ئیتر جی ی ژیانێکی ئاسوودە لەنێو سندووقو تابووتی ژیان چۆن جێگایان دەبێتەوە ئەو کاتەی لە سەردەمێکدا کە گوارەو ئەلقە بە ناووکی رووتو گولبەدەمەوە دەبریسکێتەوە.
بریسکانەوە بەناو رووتو گولبەدەم، تریقانەوەی ئێمەیە بەدەم ئازارەکانی رۆژگار، خوێندنەوەی ئەهامەتیەکانی هەر تاکێکی ئەم گێتیەیە کە رازو نیازەکانی هیچیان ئیتر بە پەنهانی نامێنێتەوە وەك گەندەلیەکانی رۆژگار ئاشکران.

**لە سەردەمێکدا**
**کە رازەکانی موو بە مووی بەدەن**
**ئاشکرا ترن**

لە قوونە جولەی بارۆکەیێکی ئاوەڕووتکراو هەموو ئەمانە وا لە پەشێوی شاعیر دەکەن کە ئیتر نەوێرێ داستانی عیشقو ئەوینی خۆیمان بۆ وەرگێڕێ/بە راستگۆیی چیرۆکی ئەو ئەوینە پڕ لە تاسەی رابردوومان بۆ بگێرێتەوە.

**من چۆن دەربارەی عیشقی خۆم بدوێم.**
**کەرەوەکتر لە سونسکەی شاخان**
**بەخشندەترە لە تیشکی هەتاو!**

بە دیدی من لەدەوری چەند ئامانجێك دەخولێتەوە کەجگە لەخوێنەری نوخبە هەموو خوێنەرێك ناتوانێ تێنوویەتی شیعری خۆی لە واتاو مانا شاراوەکانی پشت پەردەی شیعرەکان بشکێنێ، بە واتایەکی تر هەموو کەسێك ناتوانێ گرێ کورەکانی پاشینەی شیعرەکان بکاتەوە لە کانیاوی واتاو مانای شاراوەی جوان قومێ ئاوی سازگار بخواتەوە. دیارە ئەمەش بۆ بەتوانایی و دەست رەنگینی شاعیر دەگەڕێتەو لەهەمان کات ناهۆشیاریو نۆری ریژەی نەخوێندەواری کۆمەلگا پیشان دەدات، چونکە بەدیدی من هەرچەندە رێژەی خوێندەواری زۆربێ ئەوەندەش ئاستی هۆشیاری کۆمەلگاو پلەی رۆشنبیری تاکەکانی بەرزدەبێتەوە دەتوانن لە ئاست هەموو داخوازیو نوێکاریو گۆڕانو پێشهاتەکان بن لە زمانی شاعیرەکانی خۆیشیان بگەن کە هەمیشە زمانحاڵی ئەوانو وەك مۆم بۆ ئازارەکانیان دەتوێنەوە.
لەم سۆنگەیەوە پەشێوی شاعیر وەك شاعیرێکی بەهەلوێست بەگژ خەمی کۆمەلگاکەی چۆتەوەو هەمیشە بەشیعری تەژی لە جوانیو ئەفراندنو هەستی نەتەوەیی بۆ رۆلەکانی داوەو پەنجەرەکانی کامەرانی بۆ خستوونەتە سەر پشتو دەرگاکانیش والا.
بەرگە ناگرم کاتێ روو دەچمە نێو شیعرەکانی پەشێوەوەیە، دەست خۆم نییە دەیان جار شادی دەمگرێو سەدان جاریش غەمو ژان، گەلێ جار فرمێسکی شادی دەرێژم هەندێ جاریش دەست دەکەم بە قوڵپی گریان، گریانێکی قوول کە هەتوانی زامەکانی ئازارێکی یەکجار مەزنە بۆیە بەدەست خۆم نییە سەراپای عیشقێکی سەرشێت دام دەگرێ خۆشم نازانم رەشبینی لێم دەبێتە مۆتەیەك ئومێدەکانم سەردەبڕێ. بەلام بۆ چەند ساتێك زیاتر ناخایەنێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کاتێ دەبینم پەشێوی شاعیر دەلێ:

**من بەخوێنی خۆم شیعر گۆش دەکەم،**
**گەرچی دەزانم گیانێکیشم نەوە،**
**قسەو لەتوێی خۆیدا گزنگ هەلدەگرێ،**
**یەکەم تیری رۆژ بۆ جەرگی شەوە!**

ئیتر بۆچی دونیا بەتاریکی ببینن نائومێد بین کاتێ ببینین شیعرەکانی پەشێو ئەو شیعرانەی کە بەخوێنی خۆی گۆشی کردوون هەر کۆپلەیەکی بۆ سینەو دلو دەروونی تاریکی ئێمە وەك یەکەم تیری رۆژە کەدەیدا لە جەرگی شەو.

**سەرنج/ دەقی شیعرەکانی لەدیوانی پەشێوە( هەسپم هەورەو رکێفم چیا ) وەرگیراوە**